# ئەو کاتەی ژیانت بە مردنەوە بەندە

## مێردمنداڵێک " ئەگەر ڕۆژێک مردوو نەبێت ، پارەم دەست ناکەوێت "

بەدواداچونی سەروەت عەبدوڵلا



" کوڕێك پێی وتم بە چاوی مشتەری سەیرم مەکە " گۆڕهەڵکەنێك

به بیری کەسدا نەهاتوە گروپێك لە مرۆڤەکان هەبن کە لە شاری مردووەکاندا نانی ڕۆژانە و پاروی بژێوی دەست بخەن، لەو شوێنە هەرکەسێك نەجوڵێت پارەی نییە، ئەوانەی لەوێن بژێوی ژیانیان بە مردنی کەسێکەوە بەندە، بژێوی ئێمە لەنێو ژیاندایە، بەڵام بژێوی ئەوان لەنێو مردووەکاندایە، هەرگیز بە خەیاڵماندا نەهاتوە کە لە مەرگی ئێمەدا ژیانی یەکێکی دیکە هەیە، ئەوانەی گۆڕ هەڵکەن و کێل بەستی گۆڕستانەکانن، کە هێندە لەگەڵ مردندا مامەڵەیان کردوە ژیان لە ڕوخسارياندا به ئەستەم دەبینرێت.

(بەکر ساڵح) کە کاری ڕۆژانەی لەسەر




هەڵکەندنی گۆڕەکانە لە بەرامبەر بڕێك پارەدا، کارەکەی زۆر ئاسایی لە قەڵەمدا وەك هەر پیشەیەکی دیکە، بەڵام قسەی لە گرفتەکانی خۆی دەکرد و دەیوت"کاری ئێمە لە مەلابانگدانەوە دەستپێدەکات تا ئێوارە، ئەگەر زیاتر کارمان بکردایە بەڵام ئاساییش دیاریکردوە خۆ ئەگەر جەنازەیەك دوای عەسر بمرێت، ئەوا یان ناتوانین گۆڕی بۆ هەڵکەنین یاخود دەبێت وەرەقەی ئاسایشی بۆ بهێنین"

لای گۆڕ هەڵکەنەکان نرخێکی دیاریکراو نییە بۆ هەڵکەندنی گۆڕێك بەپێی مرۆڤ و کات و ڕۆژ دەگۆڕێت لەوبارەیەوە (ئەبوبەکر) ئاماژەی بەوەدا، لەبەرئەوەی کێلەکان جیاوازن، نرخەکەشیان بەپێی گەورەیی و جوانییان دەگۆڕێت، ئەو وتی"هەیانە (١٥٠٠٠) هەشیانە زیاتر تا (١٠٠٠٠٠) دینارە" زۆرجار مرۆڤ دەچێتە گۆڕستانێك ترسی لەدەستدانی ژیانی بیردەکەوێتەوە، بەڵام چی بڵێین بەم مرۆڤانە کە بەردەوام ژیانیان لە نێو گۆڕەکاندایە؟!

(ئەبوبەکر) باس لەوە دەکات کە سەرەتا ترسێکی لەڕادە بەدەری هەبوە کە دەستی کردوە بەم کارە، ئەو دەیوت"سەرەتا زۆر دەترسام، دەیانناردم بۆ ئاو پرژێنی گۆڕەکان، نەمدەوێرا و دوور دەکەوتمەوە و ئاوەکەم دەرژاند و نەمدەکرد بە گۆڕەکەدا و دەگەڕامەوە" ئەوان (گۆڕ هەڵکەنەکان) گلەییان لە هەرزانی نرخی هەڵکەندنی گۆڕەکان هەبوو.

(ئەحمەد مەحمود) کە زیاتر لە (٦) ساڵە بژێوی لەناو گۆڕستانەکاندایە، تورەبوو لە بڕیارێکی شارەوانی و بە بێزارییەکەوە وتی"شارەوانی بۆ گۆڕی گەورە (٣٠٠٠٠) و بۆ گۆڕی بچوك (١٥٠٠٠)ی داناوە، ئەمە نرخێکی کەمە چ کرێکارێك بەم پارەیە ئیش دەکات؟ لەبەرئەوە ئێمەش بەو پارە ئیش ناکەین، تا ناچار خاوەن مردوەکە پارەی زیاتر دەدات بۆئەوەی گۆڕەکەی بۆ هەڵکەنین، بیریشتان نەچێت ئەم کارەی ئێمە بێ مەترسیش نییە، جاری وا هەیە گۆڕەکەخەریکە بەسەرماندا دەڕوخێت و هەرەس دێنێت"

(هێرش)ی شاگردی گۆڕ هەڵکەنەکان تەمەنی (١٨) ساڵە، بەڵام لەگەڵ کەمی تەمەنیدا لەچاو تەمەنی وەستاکانیدا هەست بە ترس ناکات وەك خۆی دەیوت"زۆری و کەمی بڕی پارەی من بەستراوە بە کەمی و زۆری مردوەکانەوە، بەپێی ژمارەی مردوەکان پارە وەردەگرم، بۆ هەرگۆڕێك (٥٠٠٠) وەردەگرم، ئەگەر ڕۆژێك مردو نەبێت منیش پارەم نابێت" لەبارەی جێگەی ناشتنی مردوەکانەوە (محەمەد ڕەشید)ی گۆڕ هەڵکەن گرفتی هەبوو، ئەو دەیوت"لێرە جێگە نەماوە، زۆرجار لەگەڵ دراوسێکانی گۆڕستاندا دەبێتە قرەقر و ئاژاوە، چونکە ئەوان ڕازی نابن لە نزیکیانەوە بینێژین" (محەمەد ڕەشید) لەبارەی چارەسەری گرفتەکەیانەوە ئاماژەی بەوەدا کە حکومەت ئێستا خەریکی چاککردنی گۆڕستانێکی تازەیە لە (شێخ وەیساوا) لە خوار (ژاڵە)وە و وابڕیارە بەپێی عادەتی ئەوروپا مامەڵە لەگەڵ مردوەکاندا بکرێت، دەبێت مردوەکە لەو گۆڕستانە بشۆرێت و هەر لەوێ گۆڕی بۆ بکرێت، ئەگەر خاوەن مردو بۆ سێ ساڵ گۆڕەکە تازە نەکاتەوە ئەوکاتە مردوەکەی دەردەهێنن و کەسێکی تر لەشوێنی دەنێژن ئەمەش گرفتی کەمی جێگەی (گۆڕ) چارەسەر دەکات.

ئەوانەی لەشاری مردوەکاندا کاردەکەن سەرەڕای ئەوەی ڕۆژانە لەگەڵ جەستەیەکی سارد و سڕدا مامەڵە دەکەن لەهەمان کاتیشدا هەندێکجار ڕوبەڕوی تێڕوانینی توند و تیژی کۆمەڵگاش دەبنەوە. (جەمال) کە گۆڕ هەڵکەنێکی گۆڕستانە وتی"ڕۆژێك کوڕێکی گەنج پێی وتم بەچاوی موشتەری سەیرم مەکە"